

# ئێمەو دەسەڵات کاممان تاوان بارین

**مەهدی کامل ( نیا )**

**ماوەیەکە زیاد لە پێشوتر ڕوی ڕەخنە و پێشنیار ئاڕاستەی دەسەڵاتی سیاسی دەکرێت ، لەسەرجەم بابەتەکاندا ئەو واقیعیەتە عەکس کراوەتەوە کە ئێستا ئەم کۆمەڵگایەی کەنەفت کردوە وە هێزی لەبەربڕیوە ،لە سەرجەم بابەتەکاندا حکومەت بەرپرسیار دەکرێت لە بەرامبەر نەبونی ئازادی سیاسی ،ئازادی ڕۆژنامەگەری وڕادەربرین، ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن ، نەبونی ئاو،کارەبا، سوتەمەنی ، مەسکەن ، ڕێگاوبان ،فەسادی ئیداری و دارای ....هتد . بەداخەوە هەموو ئەمانە بەحەق واقعەتن ، ڕاستیەکی تاڵن . هەرئەمەش وایکردوە شەرحێکی گەورە بکەوێتە نێوان دەسەڵات و جەماوەرەوە ، بۆ هەموو ئەمانەش دەسەڵات کۆمەڵێك فێڵ و بەهانە و تەدابیری هەیە .**

**تەنها ئەگەر باسی سوتەمەنی بکەین ، لە ساڵی 1991 تا 2003 و ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق ، بەهانەی دەسەڵاتی کوردی ئەوە بووە بۆ نەبوونی سوتەمەنی ، کە حکومەتی عێراقی سوتەمەنیمان ناداتێ یان وەك وەرەقەیەکی فشار بەکاردەهێنێت لە سەرمان ، بە هەرحاڵ , لە دوای ئەم مێژووەوە تائێستا دەڵێن ناسیونالیزمی عەرەب و ئوسوڵیەتی شیعە و عەرەب ڕێگە نادات بەباشی سوتەمەنی بگاتە دەستمان و گێرو گرفتمان بۆ دروست دەکەن ، ئەمە لە کاتێکدا سەرۆکی جمهری عێراق و چەند وەزارەتێك و وەزیرێك لەگەڵ بەشێك لە پەرلەمانی عێراقی لە کورد پێك هاتوە ، ئەی کەواتە سەنگ و قورسای ئەمانە چیە ؟ چیان بۆ کورد کردوە ؟ دەتوانن چی بکەن؟ .**

**با نمونەیەك لەسادەترین فۆرمیدا وەربگرین**

**منداڵ بەقەدەر دنیای منداڵی و ڕەنگاوڕەنگی یخۆی پێداویستی هەیە و پێویستی بە چوارچێوەیەکی خێزانی تەندروست هەیە . پێویستی بە هەلو مەرجێکی ئینسانی هەیە تا ئایندەیەکی ڕون و تەندروست بنیات بنێت . لە بەرامبەر بەمەشدا باوك و دایك بەرپرسیارن و ئیلتیزامێکی ئەخلاقیشیان هەیە بەرامبەر بە منداڵەکەیان ، بر پرسن لە بە پایان گەیاندنی ئەرك و فەرمانەکانیان ، لەبەرامبەریشدا بۆ منداڵەکە گرنگ نیە چۆن ؟ لە کوێ ؟ بەچی شێوەیەك ؟ پێداویستیەکانی بۆ دابین دەکەن دایك و باوکی . هەرگیز ئەوە لای ئەو جێگای پرسیارنیە ، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئەو دەیەوێت لەبەردەستیدابێت . منداڵ لەوە تێناگات ئەمانە لەکوێوە دێن ، خۆئەگەر ویستت ووشیاری بدەی کە چۆن بەچی شێوەیەك ئەم شتانە دەگەنەدەستی ئەو ، ڕەنگە منداڵەکە بێزاری نیشانبدات و گوێت لێنەگرێت ، چونکە لەسنوری ئاسۆی بیرکردنەوەی ئەو بەدەرە .**

**بەهەمان شێوە گەل ، خەڵك ، جەماوەر ، نازانم هەرچی ناوبنێن واتە ئێمە ، ئێمەی خەڵکی ئەم ووڵاتە بۆ مانگرنگ نیە ، وە جێگای باس و گرنگی ئێمەنیە ، دەسەڵات چۆن ؟ بەچی شێوەیەك ؟ پێویستیە سەرەکیەکانمان بۆ فەراهەم دەکات . لە ڕاستیدا ئەمە ئەرك و مەهامی ئەوە ، شەڕی ئەوە دەبێت بیکات . ڕەنگە ئەوە بۆ من گرنگ نەبێت کە ئاو چ ڕەنگە وە لەچی پێك هاتوە چۆن کاردەکات ، بەڵام گرنگە وە مەسەلەیەکی حەیاتیە کەتینوم بوو ئاو هەبێت بیخۆمەوە تاتینوێتیم بشکێت .**

**ئەگەر ئێمە فەرەزییەك دابنێین بڵێین ئەو دەسەڵاتەی لەکوردستاندا هەیە دەسەڵاتێکی دیموکراسی خوازە ، هەروەك خۆشی وائیدعادەکات . دیموکراسی لە سادەترین پێناسیدا ، بریتیە لە دەسەڵاتی خەڵك ، واتە بەژداری چالاکانەی خەڵك لە بڕیاردا ، بەم واتایە هەمیشە دەسەڵات ملکەچی خەڵکە یان دەسەڵات دەسەڵاتی خەڵکە ئەمە لە فۆرمە مۆدێرنەکەیدا ، بەڵام ئایا واقیعەن بەحەق لە کوردستاندا ئەمە وایە ؟ لە ڕاستیدا**

ئەمە وانیە ، بەڵام ئەوەی کەوایکردوە ئەمە وانەبێت ، وە حکومەت نامەسئولانە و تاك لایەنانە کاربکات وە ملزم نەبێت بە ئەرك و فەرمانەکانیەوە ئەوە خودی دەسەڵات نیە ،بەڵکە ئەوە ئێمەین بوارمان داوە لە هەموو خراپیەکانی بوراوین و قبوڵمان کردوە . خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین ، ئەوەی لە سەرشانی خۆمانە دەیخەینە سەرشانی حکومەت ، ئەگەر حکومەت حکومەتی گەلە کەواتە گەل بڕیاردەدات چۆن حکومەتێکی دەوێت ، بەڵام ئەمەکەی وایە لای ئێمە ، کەواتە ئەوە درۆیەکی گەورەیە و هەموومان بەژدارین لە کردنیدا .

خەڵك بە درێژای پانزە ساڵی ڕابردوو توانیویەتی بۆ ساتێکیش لە دەسەڵات و بڕیاری سیاسیدا بەژداری هەبێت ، نەك هەرئەوەندە ئاگاداری بڕیار و قەراراتی سیاسیش نەبووە ، لێگەڕاوە بۆ دەسەڵات ئەویش تاك ڕەهەندانە بە ئارەزوی خۆی دوور لە هەر ترس و سانسۆرێك ، درێغی نەکردوە لەوەی کەویستویەتی ، لەکاتێکدا ئەم بڕیار و قەراراتانەی کەدەسلاتی سیاسی دەیدات ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە چارەنوسی خەڵکەوە هەیە ، بڕیار سیاسیە کان دەری دەکەن و خەڵك بەرپرسیارە و دەبێت زەریبەکەی بدەن .

باشە ئێمە ئەگەر واعین بە واقعی حاڵ ، ئەگەر واقعەکەمان قبوڵە پێویست ناکات ڕەخنەو ئیعترازێك پیشانبدەین ، ئەگەریش قبوڵمان نیە چیمان کردوە ؟ چیمان لێگۆڕیوە ؟ کام هێزمان ئامادە کردوە تابخەینە شوێنی ؟ ئێمە لەکوردستاندا یەك فۆڕم و تەرزی سیاسی ئەزەلی دەسەلاتمان هەیە ، جگەلەمە ناتوانین هیچ ئیختیارێکی ترمان هەبێت ، لە یەك شتدا جیاوازی بەدی ناکرێت لەبەرئەوە ڕێگەش بە ئیختیار نادات ، هەرئەمەش گرەوی بردنەوە و مانەوەی دەسەڵاتە لە ئێستای کوردستاندا . من بەڕستی مەئیوس بووم لە ڕەخنە گرتن لە حکومەت ، واقعەن خەتای ئێمەشە نەك حکومەت ، ئێمە بەرپرسیارین لە درێژە کێشانی وەزعی سائد . بۆیە من ڕوی ڕەخنە لە حکومەتەوە وەردەگێڕم بۆ خەڵك ، ئەوان مەسئولن لەبەرامبەر هەر کەم وکورتیەك ، چونکە لە تەواوی دنیادا بە درێژای مێژوو هیچ دەسلاتێك بە خواستی خۆی هیچ شتێکی ئە نجام نەداوە بۆ خەڵك ، جگە لە مەحرومیەت شەڕو فەناکردن ، مەگەر لەژێر فشارو ناڕەزایەتی و نەفرەتی خەڵکدا نەبێت ، لە ترسا نبێت . خەڵك ئەگەر هەر ئیعترازێکیشیان پیشاندابێت ئەگەرچی زۆر دروستیش بوبێت ، ئەوا ئەم داوایەشیان کاتێك ڕوبەڕوی دەسەلا کردبێتەوە ، هەرگیز دەسەڵات بەئاسانی

نەچۆتە ژێری باری ئەو داوایانە ، بەڵکە بە پێچەوانەشەوە خەڵکی تاوانبارکردوە دەسەڵات بە نامەسئول و تێکدەر و خیانەت کار لە قەڵەمی داون ، لەوێنەی داواکانی ڕانیە ، کەلار ، هەڵە بجـــــــە .

دەسەڵات لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایەدا هیچ کات ئامادە نەبوە ، بچوکترین ماف بسەلمێنێت کە خۆی لە خەڵکی زەوتکردوە ، وە خۆشی بەخاوەنی سەرجەم ئەو ما فانەدەزانێت ، جگە لە مەحرومیەت کە ئەو لێی بەرپرسیارنیە ، ئەمە لەمێژوودا بەجێگایەك گەیشتوە دەسەڵات خۆی بە خالق و خوداوەند داناوە ، واتە بەدروستکەری خودی مرۆڤیش ، نەك تەنها ماف و ئازادیەکانی ، هەرلێرەوە خۆی سەرپشك دەکات چەند ماف و ئازادی بداتە عەبدەکانی ، لەبەرامبەریشدا دەبێت عەبدەکان سوپاس گوزاربن بەوەی کە پێیداون ، ئەمە فۆڕمێکی تەواو لاهوتیانەیەی دەسەڵاتە ، هەتا ئێستاش ئەم فۆڕمە بونێکی بەهێزی هەیە ، مەگەر بەشەر خۆی خستبێتیە ژێر پێیانەوە , هەرکات بەشەر ویستیان جوهدیان کرد ئیتر ئەم دەسەڵاتە هیچ نیە ، ئەوکات دەزانن جگە لە دکتاتۆرێك کە خۆیان شەرعیەتیان پێداوە چ نیە ، بەڵام ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە ئێمەش شەرعێتی خۆمان لەم دەسەڵاتە وەربگرینەوە ، دەسەڵاتێکی واقعی علمانی و مەدەنی مۆدێرن جێگیر بکەین لە شوێنی ، بۆ نا بەڵام ئارەزویەکی کەمی دەوێت ...



Nya-78@hotmail.com